زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەكانی خوێندن
# پەرتووكی كۆرس
# 2025 – 2024

بەش: كیمیا

كۆلێژ: پەروەردە

بابەت: كارامەییە ئەكادیمییەكان-**Academic Skills**

پەرتووكی كۆرس: قۆناغی یەكەم

مامۆستا: **پ.ی.د.عیسا اسماعیل احمد + د.ڕێزان علی صالح**

ئیمەیل: **essa.ahmed@su.edu.krd and rezan.saleh@su.edu.krd**

# Course Description وەسفی کۆرس

| | |
|---|---|
| زمانی وانەووتنەوە | مۆدیوول |
| کوردی | کارامەیە ئەکادیمییەکان |
| سیمستەر | ساڵی ئەکادیمی |
| بەهارە | 2024-2025 |
| مۆدیوولی پێشمەرج | کرێدیت/**ECT** |
| - | 6 |

**ئامانجەکانی کۆرسەکە**

ئامانج لەم مۆدیوولەدا، بەهێزکردنی تواناکانی قوتابییانە، لەرێگەی کۆمەڵەیەکی گشتگیر لە کارامەیی ئەکادیمی و پیشەیی کە سەرکەوتنیان لە خوێندنی باڵا و پیشەی داهاتوودا بەرز دەکاتەوە. هاوکات پەرەپێدان بە لێهاتوویی قوتابییان، لە پێشکەشکردنی سیمینار، نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی.
قوتابییان فێردەبن کە پرسە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەن و شیکاری بکەن، چارەسەری بەڵگەدار دابڕێژن و بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنن. سەرەڕای ئەوەش، مادیوولەکە هاوکاری کاری گرووپی و تواناکانی دیبەیتی ئەکادیمی گەشەپێدەدات، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر گرنگی سەرچاوەگرتنی زانیاری جێی متمانە و پێشکەشکردنی ئارگیومێنتەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی و قایلکەر دەکاتەوە.

**دەرئەنجامی کۆرسەکە**

**1. تێگەیشتن لە کارامەییە ئەکادیمییەکان:**
ئاشناکردنی قوتابییان، بەکارامەییە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بە پسپۆری، لەوانەش: کارامەیی پێشکەشکردنی سیمینار، کارامەیی نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، دەستنیشانکردنی کێشە و گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی کێشەکان، کارامەیی ئامادەکردنی پۆستەری ئەکادیمی، کارکردن بە گروپ و کارامەیی ئەنجامدانی دیبەیتی ئەکادیمی.

**2. شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەریەك لەو کارامەییە ئەکادیمیيانەی کە بۆ قۆناغی زانکۆ پێویستن:**
بەگەڕخستنی لێهاتوویی قوتابییان لە گفتوگۆکردن، بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ دەربڕینی بیروڕای مانادار، پاڵپشتی ئارگیومێنت بە بەڵگە و دەربڕینی لۆجیکیانە لە کۆمەڵگەدا. هاوکات بەکارهێنانی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ کۆکردنەوەی ئارگیومێنت بە شێوەیەکی دروست و ڕەوان.

**3. لێهاتووییەکانی قوتابییان:**
پێشکەشکردنی سیمینار بەشێوازێکی دروست و کارامە، لێهاتوویی لە نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی. هاوکات توانای هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا تازە سەریان هەڵداوە، گەشەدان بە لێهاتوویی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکان. سەرەڕای توانای پراکتیزەکردنی تەکنیکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەنێو سیمینار و ڕاپۆرت و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی کێشەکاندا.

**4. پابەندبوون بەڕێسا بنەڕەتییەکان، پەرەدان بە تێگەیشتن و گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی:**
- نیشاندانی توانا و کارامەیی لە گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.
- ئامادەکردنی قوتابییان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی، کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە.
- نیشاندنی کراوەیی لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆیدا.
- نیشاندانی مەعریفە لە ناوەندەکانی فێربووندا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، بۆ سوودی گشتی.

**ناوەڕۆکی کۆرس**

- ئەم مۆدیوڵە بۆ گەشەپێدانی توانا و شارەزایی قوتابییان لە پەیوەندی، گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی ئامادەکراوە.
- بابەتەکانی ئەم مۆدیوڵە، ڕاهێنانێکە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان، لە پەیوەندییە ئەکادیمییەکان، بۆ دەستخستنی زانست، بۆ وروژاندنی پرسیارە ئەکادیمیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی .
- ڕاهێنانێکە لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕێزگرتن لە بیروڕای بەرامبەر و چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمی.
- ئاشناکردنی قوتابییان، بەچەند کارامەییەکی ئەکادیمی پێویست وەك: (ڕاپۆرتی ئەکادیمی، پێشکەشکردنی سیمینار، پۆستەری ئەکادیمی، دیبەیتی ئەکادیمی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، کارکردن بەگروپ، بەشداریکردن لەچالاکی ئەکادیمی وەك: وێرکشۆپ، کۆنفرانس، سیمپۆزم) .
- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە بنەڕەتیەکان:**

**1.** (بوخاری عەبدوڵای قەسریٚ2019): لەدەرەوەی سندوقەکە بیربکەرەوە.

**2.** (بەرهەم ستارو توانارەشید2019): دەروازەیەك بۆ گفتوگۆی ئەکادیمی و بیری رەخنەیی.

3. Cottrell, Stella. (2005). *Critical Thinking Skills: Developing Effective Analysis and Argument (Palgrave Study Skills)*. 2nd edition: In Stock.
4. Chaffee, J. (2003). *Thinking Critically*. 7th edition. Boston: Houghton Mifflin Company.
5. Richard, W Paul, & Elder, Linda. (2013). *Critical Thinking: Tools for Taking Charge of Your Professional and Personal Life Pearson*. 2nd edition, FT Press.
6. Butterworth, John, & Thwaites, Geoff. (2013). *Thinking Skills: Critical Thinking and Problem Solving (Cambridge International Examinations), Cambridge university press.*
7. Critical Thinking Skills: Developing Effective Analysis and Argument. 2nd edition. Palgrave Macmillan, 2011.

**سەرچاوەی سوودبەخش:**

**YouTube Videos**

https://www.youtube.com/watch?v=DwWY6HtI9jk

https://cyfar.org/data-sources

**گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):**

1. Moore, N. B., & Parker, R. (2004). *Critical Thinking.* 7th ed. McGrow-Hill. Newyork.
2. Wolfson, J. A. (2012). *The Great Debate. A Handbook for Policy Debate and Public Forum Debate*. 4th ed. Lightning Bolt Press. Illinois.
3. Morrow, D. R., & Weston, A. (2011). A Workbook for Arguments. A Complete Course in Critical Thinking. Hackett Publishing Company, Inc. Indianapolis.
4. Crick, N. (2014). *Rhetorical Public Speaking*. 2nd ed. Pearson Education, Inc. Louisiana.

جۆری وانەوتنەوە

وانەکان هەفتانە 3 کاتژمێرە بەشێوازی تیۆری و چالاکی کردارەکی دەوترێتەوە، بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت، هەروەها گفتوگۆی کراوەو کارکردن بە کۆمەڵ و چالاکی کرداری و تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی، هەروەها دانانی پوختەی وانەکان لەسەر پرۆفایلی ئەکادیمی مامۆستا.

**پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی کریدیت:**

**1.** قوتابی ئامادەبوون لە پۆلدا گرنگە.
**2.** گفتوگۆکردن لە پۆلدا پێویستە.
**3.** ئەرکی ماڵ بۆ هەر وانەیەک
**4.** تاقیکردنەوەی نیوە وەرز
**5.** راپۆرت
**6.** کویز
**7.** سەردانکردنی کتێبخانە

**دابەش کردنی نمرەکان**

**دابەشبوون و پێکهاتەی هەڵسەنگاندن**

**کۆشش(50%)**، لەخولی یەکەمی هەڵسەنگاندندا، قوتابییان بەشداری تێکەڵەیەکی گشتگیر لە هەڵسەنگاندنی پراکتیکی و تیۆری دەکەن. کە هەموو تاقیکردنەوە پراکتیکییەکان لە پۆلدا ئەنجام دەدرێن بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی کارپێکراوی قوتابییان.
**بەشداریکردن و چالاکییەکانی رۆژانە (5نمرە):** ئەمەش بەشداری چالاکانەی پۆل، هەڵبژاردن و بەشداریکردن لە کاری گروپی هاوبەش لەخۆدەگرێ. **تاقیکردنەوەی تیۆری (کویز):** یەک تاقیکردنەوەی نووسراو یان زیاتر، بەهای (**5نمرە**)، تێگەیشتنی قوتابییان لە چەمکە تیۆریەکان هەڵدەسەنگێنێ. **راپۆرتی ئەکادیمی (15نمرە):** پێویستە قوتابی راپۆرتێکی ورد پێشکەش بکات، کە توانای شیکاری و نووسینی خۆی نیشان بدات.
**پێشکەشکردنی سیمینار (10نمرە):** هەر قوتابیەك لەسەر بنەمای راپۆرتەکەی سیمینارێک پێشکەش دەکات، کە توانای پەیوەندیکردن و بەرگریکردن لە کارەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر پیشان دەدات. گەڕان بەدوای سەرچاوە (**6**نمرە)، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا(**4نمرە**)، و چارەسەرکردنی کێشەکان(**5نمرە**). ئەم چالاکیانە بە کۆی گشتی **50%ی** کۆی نمرەی هەوڵەکان پێکدەهێنن، کە جەخت لەسەر فێربوون و بەشداریکردنی بەردەوام دەکەنەوە.

**تاقیکردنەوەی کۆتایی (50%)**، توانای قوتابییان تاقیدەکاتەوە بۆ کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی زانیاری بە شێوەی جۆراوجۆر. پێکهاتەکە بریتییە لە: **پۆستەری ئەکادیمی (20 نمرە):** قوتابی پۆستەرێکی ئەکادیمی ئامادە دەکات، کە بە پوختی تێروانینەکانی یان پرۆژەکەی دەخاتە ڕوو. **دیبەیت (30 نمرە):** قوتابییان بەشداری لە دیبەیتی ستراکتوردا دەکەن، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ئارگومێنت و بەشداریکردنیان لەگەڵ بابەتگەلێکی ئاڵۆزدا نیشان دەدەن.

**خولی دووەم (هەوڵی تاکەکەسی)**

لە خولی دووەمدا هەموو هەڵسەنگاندنەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن قوتابییەوە تەواو دەکرێن، ئەمەش دڵنیابوون لە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ لێهاتووییەکانیان. **نووسینی ڕاپۆرت (20نمر):** پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی پێداچوونەوە و ورد. **ئامادەکردنی پۆستەری ئەکادیمی (10نمرە):** پۆستەرێکی سەربەخۆیە کە پرۆژەی قوتابی بە شێوەیەکی کاریگەر دەگەیەنێت. **پێشکەشکردنی سیمینار (20نمرە):** پێشکەشکردنێکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی قوتابیە، کە تیایدا گرنگی بە خستنەڕووی ڕوون و تێگەیشتنی قووڵ دەدات.

## پلانی هەفتانە Weekly Plan

| | |
|---|---|
| مۆدیوول | |
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | |
| سیمستەر | ساڵی ئەکادیمی |
| بەهارە | 2024-2025 |
| مۆدیوولی پێشمەرج | کرێدیت |
| - | 6 |

**وردەکاری**

| هەفتە | وردەکاری |
|---|---|
| 1. | -پیاداچوونەوەیەک بە سیلەبەس (پرۆگرامی خوێندن)<br>-ئەرک و مافی قوتابی زانکۆ(Students' rights and Responsibilities)<br>-توانستی دانووستان و گفتوگۆی ئاشتیخوازنە و قایلکردنی بەرامبەر |
| 2. | -توانستی گفتوگۆو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە<br>-هونەری پێشکەشکردنی سیمینار(Seminar presentation skill)<br>-دروستکردن و پێشەکەشکردنی پاوەرپۆینت(PowerPoint presentation) |
| 3. | -توانستی گفتوگۆو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە<br>-هونەری پێشکەشکردنی سیمینار(Seminar presentation skill)<br>-دروستکردن و پێشەکەشکردنی پاوەرپۆینت(PowerPoint presentation) |
| 4. | -باسە هەنوکەییەکان لە کوردستان، هەروەهاچەند باسێک لە بوارێکی تایبەتدا<br>-هەڵبژاردنی بابەت (هەڵبژاردەی قوتابی، بابەتی گفتوگۆ هەڵگر و هەمەلایەن) |
| 5. | توانکاکانی نووسینی ڕاپۆرت (کۆکردنەوەی زانیاری، پێکهاتەی ڕاپۆرتەکە، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان)<br>-توانای ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان<br>-ئاشناکردنی قوتابی بە کتێبخانە<br>-دەستخستن و هەڵسەنگاندنی زانیاری |
| 6. | -چۆنێتی خۆپاراستن لە دزی زانستی(Plagiarism)<br>-بەکارهێنان و نووسینی سەرچاوە(Citation & Referencing)<br>-نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی(Academic Report)<br>-پوختەکردن و گەیشتن بە پرسیاری سەرەکی ڕاپۆرتەکە |
| 7. | -ڕەشنوسی ڕاپۆرت یاخود وتار ٢٠٠٠-٣٠٠٠ وشە<br>-پێداچوونەوەی هاوپۆل و ڕەخنە و پێشنیاز (لە پۆلدا) |
| 8. | ئامادەکردن و دیزاینی پۆستەری ئەکادیمی<br>پێشاندانی پۆستەرەکان<br>پێشبرکێی پۆستەرەکان و گفتوگۆکان لەسەر ئاستی کۆلێژەکان |
| 9. | -مەشقی گفتوگۆی لەسەرخۆ لە گرووپی بچووکدا،٣-٥ خولەک (چاوپێکەوتنی کار) |
| 10. | - دەسپێکێک بۆ گفتوگۆ (پێناسە، پوختە، مێژوو، لەگەڵ فۆرماتەکان)<br>-ئاکارەکانی ڕاگەیێشتن(أتصال)/ بیروڕای جیاواز |
| 11. | -هونەری بەڵگەسازی و قایلکردن(Argumentation and Persuasion)<br>-هەڵبژاردنی بابەتێك کەشیاوبێت بۆ دیبەیتی ئەکادیمی |
| 12. | -بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(Critical Thinking)<br>-دیبەیتی ئەکادیمی (Academic Debate) و شێوازەکانی(فۆرماتەکانی) گفتوگۆ |
| 13. | ئەنجامدانی دیبەیتی ئەکادیمی لەنێوان گرووپەکان |
| 14. | ئەنجامدانی دیبەیتی ئەکادیمی لەنێوان گرووپەکان |

## ئەرک Workload

| | | |
|---|---|---|
| مۆدیوول | | |
| کار امیە ئەکادیمییەکان | | |
| سیمستەر | ساڵی ئەکادیمی | |
| بەهارە | 2024-2025 | |
| کۆی ژمارەی کاتژمێری کرێدت | کرێدیت | |
| 6*27 = **162** | 6 | |
| ووردەکاری | | |

| جۆر | ژمارە | فاکتەری کات | کۆ |
|---|---|---|---|
| ئامادەبوون | 14 | 4hr | 14 *4 = 56 |
| ڕاپۆرتی ئەکادیمی | 1 | 14hr | 1*14 = 14 |
| کیوز | 1 | 6hr | 1*6 = 6 |
| سیمینار | 1 | 10hr | 1*10 = 10 |
| گەڕان بەدوای سەرچاوە | 2 | 6hr | 2*6 = 6 |
| بەکار هێنانی تەکنەلۆژیا | 2 | 6hr | 2*6 = 16 |
| چارەسەری کێشە | 2 | 8hr | 2*8 = 16 |
| پۆستەری ئەکادیمی | 1 | 12hr | 1*12 = 12 |
| دیبەیتی ئەکادیمی | 1 | 26hr | 1*26 = 26 |
| | | | **162 hr.** |